# سوریا ... زیادکردنی مووچەی خانەنشینان بۆ ڕێژەی لە 200%



ئەمڕۆ یەکشەممە، ئەحمەد شەرع سەرۆکی ڕاگوزەری سوریا فەرمانێکی یاسایی دەرکرد بۆ زیادکردنی موچەی خانەنشینی بە ڕێژەی 200%، وەزارەتی داراییشی ڕاسپارد بۆ ئامادەکردنی ڕەشنوسی هەموارکردنەوەی یاسای خانەنشینی.

بەگوێرەی فەرمانێکی سەرۆکایەتی سوریا کە واژۆی ئەحمەد شەرعی لەسەرە و ئەمڕۆ 22ی حوزەیرانی 2025 دەرچووە، ئامانجی باشترکردنی بارودۆخی ژیانی خانەنشینەکانە لەنێو زیادبونی ئاستەنگە ئابورییەکان.

بەگوێرەی فەرمانی ژمارە (13)ی ساڵی 2025، سەرجەم خانەنشینان و سودمەندەکانیان، جگە لەو هاوڵاتییە مەدەنییانەی خانەنشینی کەمئەندامی وەردەگرن کە پەیوەندیان بە هیچ خاوەنکارێك یان خانەنشینییەکی دیکەوە نییە، سودمەند دەبن لەو زیادکردنە.

